SRCK
SOCIALIST REVIEW CENTER-KURDISTAN

# گەڕانەوەی دووبارە بۆ چەمکی نامۆیی مارکس

مارچێلۆ مۆستۆ

وەرگێڕانی

پێشڕەو محەمەد



# گەڕانەوەی دووبارە بۆ چەمکی نامۆیی مارکس

# ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی-کوردستان

**ناوی کتێب:** گەڕانەوەی دووبارە بۆ چەمکی نامۆیی مارکس

**نوسەر:** مارچێلۆ مۆستۆ

**وەرگێڕانی:** پێشڕەو محەمەد

**بڵاوکەرەوە:** ماڵپەڕی سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیۆنال (isk21.org)

**لە بەرهەمەکانی:** ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی-کوردستان

**ساڵی بڵاوکردنەوە:** ٢٠١٨

## ناوەرۆك

1. دەروازە
2. دۆزینەوەی دووبارەی نامۆبوون
3. لێكدانەوە نامارکسیستییەکان بۆ چەمکی نامۆبوون
4. مشتومڕ دەربارەی نووسراوە یەکەمینەکانی مارکس دەربارەی نامۆبوون
5. سیحری لەشکست بەدەری تیۆری نامۆبوون
6. تیۆری نامۆبوون لە سۆسیۆلۆژیای ئەمریکای باکووریدا
7. ***نامۆبوون*** لە ***سەرمایە*** و ڕەشنووسەکاندا
8. فیتیشیزمی کالایی و لەنامۆبوون داماڵین

## یەك

### دەروازە

نامۆبوون (Alienation) یەکێک بوو لە گرنگترین و موناقەشەئامێزترین تێمەکانی سەدەی بیستەم و تیۆریزەکردنەکەی مارکس ڕۆڵێکی سەرەکی و بەرچاوی لەم مشتومڕانەدا گێڕاوە. وێڕای ئەمانە، بەپێچەوانەی ئەوەی دەکرێت بیری لێبکەینەوە، خودی چەمکەکە بەشێوەیەکی هێڵیی گەشەی نەکرد و بڵاوکردنەوەی ئەو دەقانەی پێشووتر نەناسرابوون، کە بیرکردنەوەکانی مارکسی لەسەر نامۆبوون هەڵگرتبوو، ساتگەلێکی گرنگیی لە گۆڕان و بڵاوکردنەوەی ئەم تیۆرییەدا هێنایە ئاراوە.

مانای ئەم زاراوەیە چەندین جار بەدرێژایی سەدەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە گوتاری تیۆلۆژیی (ئیلاهیناسی)دا بۆ مەودای نێوان مرۆڤ و خوا بەکارهێنراوە؛ لە تیۆرییەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییدا، بۆ لەدەستچوونی ئازادیی بنچینەیی تاک بەکارهێنراوە؛ و لە ئابووریی سیاسیی ئینگلیزیشدا، ئاماژە بووە بۆ حەواڵەکردن و گواستنەوەی خاوەندارێتیی موڵک و مومتەلەکات. یەکەم لێکدانەوەی سیستەماتیکیی فەلسەفیی بۆ چەمکی نامۆبوون لە لایەن فرەدریش هێگڵی فەیلەسوفەوە بووە کە لە کتێبی ***فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح*** (1807)دا زاراوەکانی *Emtäusserung* (وەرگێڕانی حەرفیی دەبێتە

خۆ-لەدەرەوەڕاگرتن یان دەستبەرداربوون) و *Entfremdung* (بێگانەبوون)[1] بۆ دەستنیشانکردنی گۆڕینی ڕۆح بۆ ئەویدیکەی ناخودیی لە مەیدانی بابەتێتیی(ئۆبێکتیڤیتە)دا بەکارهێناوە. پرسیارە سەرەکیی و گشتییەکە بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو لە نووسراوەکانی هێگڵییە چەپەکان و تیۆری نامۆبوونی ئایینیی لە کتێبی ***جەوهەری مەسیحییەت***(1841)ی لودڤیگ فۆیەرباخ – واتا خستنەسەر و پرۆجەکشنی جەوهەری ئینسان بۆ نێو خودایەکی خەیاڵیی – بەردەوامی پێدرا و ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەسەندن و وەرچەرخانی ئەم چەمکەدا هەبوو. پاشان نامۆبوون لە ڕامان و بیرکردنەوەی فەلسەفیدا دیارنەما و هیچ یەکێک لە بیرمەندە دیارەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە سەرنج و کاتێکی ئەوتۆیان بۆ ئەم چەمکە تەرخان نەکرد و بیریان لێنەکردەوە. تەنانەت مارکسیش بەدەگمەن لەو بەرهەمانەی لەسەردەمی ژیانی خۆیدا چاپ و بڵاوکرانەوە ئەم چەمکەی بەکارهێناوە و ئەم چەمکەش بەتەواوی لەلایەن مارکسیزمی ئەنتەرناسیۆنالی دوو (1889-1914) فەرامۆشکراوە و غائیب بووە.

هەرچۆنێک بێت، بەدرێژایی ئەم قۆناعە، چەندین بیرمەند گەشەیان بە چەند چەمکێک دا کە دواتر پەیوەندییان بە چەمکی نامۆبوونەوە کرد. ئەمیل دۆرکهایم لە هەردوو کتێبەکەیدا ***دابەشکردنی کار*** (1893) و

[1] estrangement

***خۆکوژیی*** (1897)، زاراوەی "ئانۆمی" بۆ دەرخستنی کۆمەڵە دیاردەیەک بەکارهێنا کە بەهۆیەوە بەها و نۆرمە گەرەنتیکەرەکانی پێکەوەیی کۆمەڵایەتیی دوای بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی سەرەکیی دابەشکردنی کار، دەگلێنە نێو قەیرانەوە. ڕەوتە کۆمەڵایەتییە پێکەوەییەکان بەگۆڕانکارییە گەورەکانەوە کەوتە نێو پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە هەروەها وەک بنەمایەک بۆ بیرکردنەوەی کۆمەڵناسانی ئەڵمانیی: جیۆرج زیمیل، لە کتێبی ***فەلسەفەی پارە***(1900)دا، سەرنجێکی گەورەی خستە سەر هەیمەنەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر تاکەکان و بەناشەخیبوونی بەرچاوی پەیوەندییە ئینسانییەکان؛ لەکاتێکدا ماکس ڤێبەر لە کتێبی ***ئابووریی و کۆمەڵگا***(1922)دا، جەختی لەسەر دیاردەی "بەبیرۆکراتیبوون"ی ناو کۆمەڵگا و "عەقڵانییەتی ژمێریاریی" ناو پەیوەندییە ئینسانییەکان دەکردەوە و ئەمانەشی وەک جەوهەری سەرمایەداریی لەقەڵەم دا. بەڵام ئەم نووسەرانە وابیریان دەکردەوە کە دەستیانکردووە بە وەسفکردنی ئاراسە و مەیلە نەوەستاوەکان و تێگەیشتن و ڕامانەکانیان بەگشتیی بەو ئارەزووەوە دەگیرایە بەر کە نەزمی باڵادەستی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی باشتر بکەن – هەڵبەتە بێگومان نەک ئەوەی جۆرێکی دیکە بکەنە جێگرەوەی ئەم نەزمە.

## دوو

## دۆزینەوەی دووبارەی نامۆبوون

دۆزینەوەی دووبارەی تیۆری نامۆبوون لەلایەن جۆرج لۆکاچەوە ئەنجام درا، کە لە کتێبی ***مێژوو و وشیاریی چینایەتی*** (1923)دا گەڕاوەتەوە بۆ چەند پەڕەگرافێکی ***سەرمایە***(1867)ی مارکس – بەتایبەت لە بەشی "فیتیشزمی کاڵایی"(Der Fetischcharakter)دا – و زاراوەی "بەشتبوون" (Verdinglichung, Versachlichung) بۆ وەسفکردنی دیاردەیەک بەکاردەهێنێت کە بەهۆیەوە چالاکیی کار وەک شتێکی بابەتیی و سەربەخۆ لەبەرانبەر ئینساندا دەوەستێت و بەهۆی یاسا ئۆتۆنۆمە دەرەکییەکانەوە، بەسەر مرۆڤەکاندا باڵادەست دەبێت. وێڕای ئەمە، لە ناوەرۆکدا، تیۆرییەکەی لۆکاچ لێکۆچوونێکی نزیکی لەگەڵ هێگڵدا هەبوو، چونکە وەک شتێکی بونیادیی (پێکهاتەیی) لە بەشتبوون تێدەگەیشت. زۆر دواتر، پاش دوای دەرکەوتنی وەرگێڕانی فەڕەنسیی[1]، کە ئەم کارە لەنێوان خوێندکاران و چالاکوانانی چەپدا دەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی بەدوای خۆیدا هێنا، لۆکاچ بڕیاریدا جارێکی دیکە کتێبەکە بە پێشەکییەکی دووردرێژی خۆ-ڕەخنەکردنەوە بڵاوی بکاتەوە (1967) کە لەو پێشەکییەدا ئەوەی ڕوونکردووەتەوە "***مێژوو و وشیاریی چینایەتیی***" تەنها لەو ڕووەوە هێگڵ پەیڕەو دەکات کە تیایدا نامۆبوون یەکسان دەکات بە ***بەبابەتیبوون*** (بەئۆبێکتبوون)[2].

نووسەرێکی دیکە کە لە دەیەی 1920دا سەرنجی خۆی لەسەر ئەم تێمە چڕکردەوە ***ئیزاک ئیلیچ ڕۆبین*** بوو، لەکتێبەکەیدا بەناوی ***چەند وتارێک دەربارەی تیۆری بەهای مارکس***(1928) دەڵێت تیۆری فیتیشیزمی کاڵایی بنەمای مارکس بوو بۆ چوونە نێو سیستەمی ئابوورییەوە و تیۆری بەهای ئەو بوو[3]. لەتێڕوانینی ئەم نووسەرە ڕووسییەدا، بەشتبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان "وافیعی ڕاستەقینەی ئابووریی کاڵایی-سەرمایەداریی" بوو[4]. ئەمە "بەڕەمزبوون" یان وەهمی نەدەگرتەوە بەڵکو "بەماتریالیبوون"ی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانیشی دەگرتەوە. ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی پێکهاتە و بونیادی ئابووریی کۆمەڵگای هاوچەرخ… فیتیشیزم بەتەنها بریتی نییە لە لەدیاردەیەکی وشیاریی کۆمەڵایەتیی، بەڵکو بوونێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە"[5].

سەرەڕای ئەم ڕوانگانە – ئەگەر ڕەچاوی ئەم نووسینانە لەسەردەمی نووسینیاندا بکەین، پڕلە مەعریفەن – کتێبەکەی ڕۆبین نەبووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاشنایەتیی بە تیۆری نامۆبوون؛ چونکە قبوڵکردنی ئەم کتێبەش لە خۆرئاوا لە کاتی وەرگێڕانی بۆ زمانی ئینگلیزیی لە 1972 ڕوویدا (و لە ئینگلیزییەوە بۆ زمانەکانی دیکە).

ئەو ڕووداوە یەکلاکەرەوەیەی دواجار بووە هۆی بەرفراوانبوونی شۆڕشگێڕانەی چەمکی نامۆبوون، دەرکەوتنی کتێبی ***دەستنووسە ئابووریی و فەلسەفییەکانی 1884*** بوو لە ساڵی 1932دا، کە پێشتر لە سەردەمی ژیانی مارکسی لاودا چاپ و بڵاو نەبووبووەوە. ئەم

نووسینە بەخێرایی بووە یەکێک لە گرنگترین ئەو دەقانەی بۆ زۆرترین زمان وەرگێڕدران، زۆرترین جار بڵاوکرایەوە و زۆرترین بووە نووسینی زۆرترین مشتومڕی فەلسەفیی لە سەدەی بیستدا، ئەو ڕۆڵە بنچینەیی و سەنتراڵەی ئاشکراکرد کە مارکس لەمیانەی قۆناغی گرنگی دروسبوونی بیرکردنەوەی ئابووریی خۆی بە تیۆری نامۆبوونی بەخشیبوو: ئەویش بریتی بوو لە دۆزینەوەی ئابووریی سیاسیی[6]. بەمجۆرە، مارکس لەڕێگای کاتیگۆرییەکەی خۆیەوە، واتا کاری نامۆبوو (entfremdete Arbeit)[7]، نەک تەنها دەستیکرد بە فراوانکردنی پرسی نامۆبوون لەبواری فەلسەفیی، ئایینیی و سیاسییەوە بۆ بواری ئابووریی بەرهەمهێنانی ماتریالیی؛ بەڵکو هەروەها ئەوەشی دەرخست کە بواری ئابووریی مەسەلەیەکی جەوهەریی و کرۆکییە بۆ تێگەیشتن و زاڵبوون بەسەر نامۆبوون لە هەموو بوارەکانی دیکەدا. نامۆبوون لە کتێبی ***دەستنووسە ئابووریی و فەلسەفییەکانی 1844***دا وەک دیاردەیەک پیشان دراوە کە بەرهەمی کار "وەک شتێکی نامۆ، وەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ لە بەرهەمهێنەران" لەبەرانبەر و دژی کار دەوەستێتەوە. بۆ مارکس:

*"...دەرکردن یان بەدەرەوەییکردن[Entaüusserung]ی کرێکار لە بەرهەمی کاری خۆی بەمانای ئەوە نایەت کە تەنها کارەکەی دەبێتە بابەتێک، بوونێکی **دەرەکیی**، بەڵکو هەروەها **لەدەرەوەی خۆی**شییەوە وەستاوە، سەربەخۆ و نامۆ پێی بوونی هەیە، و هەروەها وەک دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆم*

*دەستدەکات بەدژایەتیکردنی[کرێکار]، و ئەو ژیانەی کرێکار بە بابەتەکەی بەخشیوە، ئێستا وەک دوژمن و نامۆ بەخۆی، دەوەستێتەوە"* [8].

لەتەنیشتی ئەم پێناسە گشتییەوە، مارکس چوار ڕێگای دیکە ڕیزدەکات کە کرێکار لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا نامۆ دەبێت: 1) لەبەرهەمی کاری، کە دەبێتە "بابەت و ئۆبێکتێکی نامۆ و دەسەڵاتی لەسەرووی خۆیەوە هەیە"؛ 2) لە چالاکیی کاری خۆی، کە "ڕاستەوخۆ وەک ئەو شتەی سەربەخۆی نییە، لەدژی خۆی دەوەستێتەوە"[9]؛ 3) لە "بوونی جۆریی مرۆیی خۆی" کە دەبێت بە "بوونێکی نامۆ بەخۆی"؛ و 4) لە بوونی مرۆڤەکانی دیکە و لە پەیوەندیدا بەکار و ئۆبێکتەکانی کاری ئەوان[10].

بۆ مارکس، بەپێچەوانەی هێگڵ، نامۆبوون بەمانای تەواوی وشەکە نابێتە هاوسێی بەبابەتبوون (ئۆبێکتیڤبوون)، بەڵکو بەپێچەوانەوە هاوشانی دیاردەیەکی دیاریکراوی ناو فۆرمێکی دیاریکراوی ئابوورییە: کە بریتییە لە کاری بەکرێ و گۆڕانی بەرهەمەکانی کار بۆ ئەو ئۆبێکت و بابەتانەی دژی بەرهەمهێنەران ڕادەوەستنەوە. جیاوازیی سیاسیی نێوان ئەم دوو هەڵوێستە زۆر و بەرفراوانە. لەکاتێکدا هێگڵ نامۆبوونی وەک دەرکەوتنێکی ئۆنتۆلۆژیانەی کار پیشان دەدا، کەچی بەپێچەوانەوە مارکس نامۆبوونی وەک خەسڵەتی قۆناغێکی تایبەت، واتا قۆناغی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی دەبینی و پێیوابوو دەکرێت لەڕێگای "ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە خاوەندارێتیی

تایبەت"ـەوە بەسەر نامۆبووندا زاڵ ببین[11]. ئەو لە تێبینییەکانیدا کە هەڵبژاردنی چەند بڕگەیەکی لە کتێبەکەی جەیمز میل واتا ***ڕەگەزەکانی ئابووریی سیاسیی*** تێدایە، چەند خاڵێکی هاوشێوە دەخاتەڕوو:

*کار دەبێتە دەرکەوتەیەکی ئازا و دواجار چێژ و خۆشیی ژیان. لەچوارچێوەی خاوەندارێتیی تایبەتدا، کار بریتییە لە نامۆبوونی ژیان، چونکە من کاردەکەم بۆ ئەوەی بژیم، کاردەکەم بۆ ئەوەی ئامرازەکانی ژیانی تایبەت بەخۆم دابین بکەم. کارەکەی من، ژیان نییە. وێڕای ئەمە، لە کارەکەمدا خەسڵەتی تایبەتی تاکایەتیی من دیاریدەکرێت و جەختی لەسەر دەکرێتەوە، چونکە دەبێتە ژیانی تاک و فەردانییەتی من. کار دەبێتە ڕەسەن، چالاک و موڵک. لە چوارچێوەی هاوەندارێتیی تایبەتدا، فەردانییەتی من لەخۆی نامۆ دەبێت تا ئەو شوێنەی من نەفرەت لەم چالاکییە دەکەم، بۆ من ئەشکەنجە و ئازارە. لەڕاستیدا ئەم کارە جگە لە ڕواڵەت و ڕووی چالاکیی هیچی دیکە نییە و بەمهۆیەوە تەنها کاری زۆردارەکییە نەک لەڕێگای زەرووڕەتێکی ناوەکییەوە بەڵکو بەهۆی پێداویستییەکی سەرەڕۆیانەی دەرەکییەوە بەسەرمدا سەپێنراوە" [12].*

بۆیە، تەنانەت لەم نووسراوە بڕگەبڕگە و هەندێکجار دڕدۆنگانەی سەرەتا، مارکس هەمیشە لەڕوانگەی مێژووییەوە نەک لە گۆشەنیگای سروشتییەوە، دەربارەی نامۆبوون لێکۆڵینەوە و مشتومڕی کردووە.

## سێ

### لێکدانەوە نامارکسیستییەکان بۆ چەمکی نامۆبوون

وێڕای ئەمە، پێویستە کاتێکی زۆر تێبپەڕێت تا لێکدانەوە مێژوویی و نائۆنتۆلۆژییەکانی چەمکی نامۆبوون جێکەوت ببێت. لە سەرەتای سەدەی بیستدا، زۆرینەی ئەو نووسەرانەی باسیان لەم دیاردەیە کردووە، هەمیشە لەڕواگەی گەردوونی و جیهانیی بوونی مرۆڤەوە باسیان لەم مەسەلەیە کردووە. بۆ مموونە، لە ***بوون و کات***(1927)دا، مارتین هایدیگەر بە زاراوەگەلی ڕووتی فەلسەفییانە لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە. ئەو کاتیگۆرییەی بۆ فینۆمینۆلۆژیای نامۆبوونی خۆی بەکاریهێناوە، بریتی بوو لە چەمکی "فڕێدان"(Verfallenn): واتا ئارەزووی لەوێ-بوون یان دازاین (Dasein – بەشێوەیەکی ئۆنتۆلۆژیانە بوونی ئینسانیی دادەمەزرێنێت) بۆ خۆونکردن لەنێو هەلومەرجێکی ناڕەسەن و هاوئاهەنگیی لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا. بۆ هایدیگەر "فڕێدانە نێو جیهان واتا کێشکردنێک بوو بۆ ناو بوون-لەگەڵ-ئەویدیکە، بەڕادەیەک کە ئەم مەسەلەیەی دوایی لەلایەن قسەی پووچ، کنەکاریی و ناڕوونییەوە ڕابەرایەتیی دەکرێت" – شتێک کە تەواو جیاوازە لە هەلومەرجی کرێکاری کارگە، ئەمەش یەکێک بوو لە سەرقاڵییە سەرەکییە تیۆرییەکانی مارکس. وێڕای ئەمە، هایدیگەر ئەم "فڕێدان" (یان کەوتن)ـەی وەک "تایبەتمەندییەکی خراپ و جێگای خەم و خەفەت لەقەڵەم نەدەدا کە لەوانەیە قۆناغە پێشکەوتووترەکانی کولتووری ئینسانیی بتوانن خۆیان لەوە ڕزگار بکەن"، بەڵکو

بەپێچەوانەوە وەک خەسڵەتێکی ئۆنتۆلۆژیانە، "***دۆخی ئێگزیستێنسیاڵ***ی بوون-لەنێو-جیهان"دا دەبینی[13].

هێربەرت مارکۆزە، بەپێچەوان هایدیگەر، مارکسی بەباشی دەناسیی، نامۆبوونی بەتەواوی بە بابەتیبوون (ئوبێکتیڤەبوون) یەکسان دەکرد، نەک دەرکەوتنی لەنێو پەیوەندییەکانی سرمایەداریی بەرهەمهێناندا ببینێت. لە وتارێکی بڵاوکراوەیدا لە ساڵی 1933، دەڵێت "خەسڵەتی ناخۆش و پڕزەحمەتی کار"[14] نابێت تەنها ببەسترێتەوە و بدرێتە پاڵ "هەلومەرجە تایبەتەکانی ناو توانا و ئەنجامدانی کار، پێکهاتەبەندیی کۆمەڵایەتیی و تەکنیکیی کار"[15]، بەڵکو دەبێت وەک یەکێک لە خەسڵەتە بنچینەییەکانی سەیر بکرێت:

*"لەکارکردندا، کرێکار هەمیشە 'لەگەڵ شت' دایە: چ کەسێک لەئاراستەی ئامێرەوە بووەستێت و پلانە تەکنیکییەکان بکێشێت چ پەیوەست بێت بە لایەنە ڕێکخراوەییەکانەوە، چ لێکۆڵینەوە دەربارەی کێشە زانستییەکان ئەنجام بدات، چ خەڵک فێر بکات و هتد. لە چالاکیی خۆیدا، ڕێگا بەخۆی دەدات لەلایەن شتێکەوە ئاراستە بکرێت، خۆی بخاتە ژێر فەرمانەوە و لە یاساکانی پەیڕەوی بکات، تەنانەت ئەو کاتەی باڵادەستیی بەسەر بابەت و ئوبێکتەکەی خۆشیدا هەیە... هەرچۆنێک بێت ئەو "لەگەڵ خۆی"دا نییە... ئەو لەگەڵ "شتێکی دیکەی جگە لەخۆی" دایە – تەنانەت ئەو کاتەی ئەم ئەنجامدانە ژیانی گریمانەیی ئازادانەی بەدیبێنێت.*

*بەدەرەکیکردن و نامۆبوونی بوونی مرۆڤ... لەبنەڕەتدا ناسڕدرێتەوە و لانابرێت"*[16].

لای مارکوزە، "نێگەتیڤیتەیەکی بنچینەیی لە چالاکییکاردا" بوونی هەبوو کە پەیوەندیی بە "جەوهەری ئەساسیی بوونی مرۆییەوە" هەیە"[17]. بۆیە ڕەخنەگرتن لە نامۆبوون دەبێتە ڕەخنەگرتن لە تەکنەلۆژیا و کار بەشێوەیەکی گشتیی و ئازادبوون لێی و ڕەتکردنەوەشی تەنها لە ساتی یاریدا دەستدەدات، واتا ئەو کاتەی خەڵک دەتوانن بگەن بەجۆرێک لە ئازادیی، کە لە چالاکیی بەرهەمهێنەرانەدا ئەوانەیان ڕەتدەکردەوە: "لە فڕێدانی تۆپێکدا، یاریزان بەشێوەیەکی بێسنوور دەگاتە سەرکەوتنێکی گەورەی ئازادیی مرۆیی بەسەر ئوبێکتبوون و بەبابەتیبوون بەراورد بە بەهێزترین دەستکەوتی کاری تەکنیکی"[18].

لە ***ئیرۆس و شارستانێتی***(1955)دا، مارکوزە بەمجۆرە مەودایەکی ڕوونتر لەگەڵ تێگەیشتنی مارکسدا دروست دەکات، پێیوایە ڕزگاربوونی مرۆڤ تەنها لەڕێگای لابردنی کار و تەئیدکردن و پشتڕاستکردنەوەی لیبیدۆ و یاری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکرێت بەدیبهێنرێت. ئەو هەموو توانا و ئەگەرێکی ڕەتکردەوە کە کۆمەڵگا لەسەر خاوەندارێتیی هاوبەشیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دامەزرابێت تا بەسەر نامۆبووندا زاڵ ببێت، لە زەمینەگەلێکدا کە کار بەگشتیی نەک تەنها کاری بەکرێ:

"...کارکردن بۆ ئامرازێکە کە ئەوان [زۆرینەی گەورەی دانیشتووان] کۆنترۆڵی ناکەن، ئەمەش وەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ دەجوڵێتەوە کە تاکەکان ئەگەر بیانەوێت بژین تەسلیمی ببن. و هەرچەند زیاتر و زیاتر دابەشکردنی کار پسپۆڕیتر دەبێت، کار زیاتر نامۆ دەبێت.... ئەوان کاردەکەن... لە دۆخی ***نامۆبوون***دا [...لە] نەبوونی ڕەزامەندیدا [و لە] ڕەتکردنەوە ونەرێکردنی پرەنسیپی چێژدا"[19].

بەهای سەرەکیی کە خەڵک دەبێت لەدژی یاخی ببن بریتی بوو لە "پرەنسیپی ئەنجامدان" کە بەهۆی کۆمەڵگاوە دەسەپێنرا. لەبەر ئەوە، مارکوزە پێیوایە،

*" ناکۆکیی نێوان سێکسوالیتە و شارستانێتیی لەگەڵ فراوانبوون و گەشەکردنی ئەم هەیمەنە و دسەڵاتەدا ئاشکرا دەبێت. لەژێر حاکمییەتی پرەنسیپی ئەنجامداندا، جەستە و زەین دەبن بە ئامرازەکانی کاری نامۆبوو، ئەگەر ئەوان ئازادیی خود – بابەتی لیبدۆیی ڕەتبکەنەوە تەنها دەتوانن وەک ئامراز بەمانای وردی وشەکە بجوڵێنەوە... مرۆڤ بوونی هەیە... وەک ئامرازێکی کردەی نامۆبوو" [20].*

بۆیە، تەنانەت ئەگەر بەرهەمهێنانی ماددیی بەشێوەیەکی یەکسانانە و عەقڵانیانە ڕێکبخرێت، "هەرگیز ناتوانێت ببێتە قەڵغانی ئازادیی و ڕەزامەندبوون... ئەوە تەنها قەڵغان و مەیدانی دەرەوەی کارە دەتوانێت پێناسەی ئازادیی و تێربوون و بەدیهێنان بکات"[21].

بەدیلەکەی مارکوزە وازهێنانە لە ئەفسانەی پرۆمتەیی کە لای مارکس زۆر خۆشەویست بوو لەبەرانبەردا زیاتر نزیکبوونەوە لە ڕوانگەی دیۆنۆسیۆسییە: "ئازادکردنی ئیرۆس"[22]. بەپێچەوانەی فرۆید، کە لە کتێبی ***شارستانێتیی و نیگەرانییەکانی***(1929)دا پێیوابوو ڕێکخستنی ناسەرکوتکەرانەی کۆمەڵگا دەبێت پاشەکشە بە مەترسییانە بکات لە پەیوەندییەکانی مرۆڤدا کە بەهۆی ئاستی شارستانێتییەوە دروستبووە، کەچی مارکوزە بەو باوەڕە گەیشتبوو ئەگەر ئازادکردنی غەریزەکان لە "کۆمەڵگایەکی ئازاد"[23]ی پێشکەوتووی تەکنەلۆژیانەدا بۆ خزمەتی مرۆیی ڕووبدەن، نەک دەکەوێتە بەرەی پێشکەوتنەوە، بەڵکو "پەیوەندییە کارییە تازە و سەقامگیرەکان" دادەمەزرێنێت[24]. بەڵام دەلالەتەکانی ئەو دەربارەی ئەوەی چۆن کۆمەڵگای نوێ دادەمەزرێت، بەڕادەیەک ناڕوون و یۆتۆپیاییە. ئەو لە کۆتاییدا کەوتە دژایەتیی هەیمەنەی تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی گشتیی، بەجۆرێک چیتر ڕەخنەی نامۆبوون ڕاستەوخۆ ڕووی لە پەیوەندییەکانی سەرمایەداریی نەبوو و ڕامانەکانی دەربارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی تەواو ڕەشبینانە بوو بەجۆرێک چینی کرێکاری خستە نێو ئەو بکەر و سوبێکتانەوە کە بەئاراستەی بەرگریکردن لە سیستەمەکەدا دەجوڵێنەوە.

دوو ڕووخساری دیار و ڕابەری قوتابخانەی فرانکفۆرت، ماکس هۆرکهایمەر و تیۆدۆر ئادۆرنۆ، گەشەیان بە تیۆرەیەک دەربارەی نامۆبوونی گشتێنراو دا دەرەنجامی هێرشبەرانەی کۆنترۆڵی

کۆمەڵایەتیی و پاوانخوازیی پێداویستییەکانە لەلایەن میدیا گرووپییەکانەوە. ئەوان لە کتێبی ***دیالەکتیکی ڕۆشنگەریی*** (1944)دا دەڵێن "عەقڵانییەتی تەکنەلۆژیی بریتییە لە عەقڵانییەتی خودی هەیمەنە و دەسەڵات. ئەوە خەسڵەتی بەزەبری کۆمەڵگای نامۆبووە لەخودی خوی"[25]. ئەمە بەو مانایە دێت سەرمایەداریی هاوچەرخ، تەنانەت کاتی بەتاڵ- لەدەرەوەی کار-یش چووەتە نێو میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانەوەی ڕەزامەندیی گشتیی.

دوای جەنگی دووەمی جیهان، چەمکی نامۆبوون ڕێگای خۆی لەنێو دەروونشیکاریدا دۆزییەوە. ئەو کەسانەی ئەم بیرۆکەیەیان بەدەستەوە گرت لە تیۆرەکەی فرۆیدەوە دەستیان پێکرد کە لەسەر ئەو بنەمایە مرۆڤ ناچارە لەنێوان سروشت و کولتووردا یەکێکیان هەڵبژێرێت و بۆ ئەوەی چێژ لە ئاساییشی شارستانێتیی وەربگرێت بەزەروریی دەبێت سەرکوتی غەریزەکانی خۆی بکات[26]. لەهەندێک لە سایکۆلۆژەکان نامۆبوونیان بەو دەروونانەوە بەستەوە کە لەژێر هەژموونی هەڵبژاردنی ئەم ناکۆکییەدا لەهەندێک تاکدا دەردەکەوێت، و بەم هۆیەوە ئەوان سەرجەمی کێشەسازی بەرفراوانی نامۆبوونیان کورتکردەوە بۆ دیاردەیەکی تەواو خودیی و سوبێکتیڤ.

ئەریش فرۆم لەڕوانگەی دەروونشیکارییەوە زۆرترین لێکۆڵینەوەی لەسەر چەمکی نامۆبوون ئەندام داوە. بەپێچەوانەی زۆرینەی هاوکارانی، ئەو هەرگیز دەرکەوتەکانی نامۆبوونی لە ناوەرۆکی مێژوویی سەرمایەداریی جیانەکردەوە، ڕاستییەکەی، لە کتێبەکەیدا،

***کۆمەڵگای تەندروست***(1955)، و ***چەمکی مرۆڤ لای مارکس*** (1961)، ئەم چەمکەی بۆ بونیادنانی پردی نێوان دەروونشیکاریی و مارکسیزم بەکارهێنا. وێڕای ئەمە، فرۆم هەمیشە جەختی لەسەر خودێتیی (سوبێکتیڤیتە) دەکردەوە و چەمکی نامۆبوون لای ئەو، کە بەم شێوەیە پوختەی دەکاتەوە: "مۆدێلێکی ئەزموون تیایدا تاک وەک تاکێکی نامۆ ئەزموونی خۆی دەکا"، هێشتا زۆر تەسکبینانەیە و زیاتر لەسەر مەسەلەی فەردیی دەوەستێتەوە. ئەگەرچی، لێکدانەکەی فرۆم بۆ چەمکی نامۆبوونی مارکس، تەنها سنووردار ببوو بۆ کتێبی ***دەستنووسە ئابووریی و فەلسەفییەکانی 1844***، و بێبەش بوو لە تێگەیشتنی قوڵی کاری نامۆبوو لە بیری مارکسدا. ئەم بۆشاییە، بووە هۆی ئەوەی لەلایەن فرۆمەوە کێش و قورساییەکی گرنگ بە نامۆبوونی بابەتیی (ئوبێکتیڤ) نەدرێت (کە کرێکار لە پرۆسەی کار و لە پەیوەندیی بە بەرهەمی کارەوە تووشی دەبێت) و فرۆمی بەو ئاراستەیەدا برد ئەو بارودۆخانە بەرجەستە و زەق بکاتەوە کە بوونەتە بەردی بناغەی چاوپۆشین لە پەیوەندییە بونیادییە سەرەکییەکان.

*"مارکس پێیوابوو چینی کرێکار، نامۆترین چینە... بۆیە ئەو پێشبینیی ئەو ئاستەی نەکرد کە نامۆبوونە دەبێتە چارەنووسی زۆرینەی گەورەی خەڵک... ئەگەرنا، کارمەند، فرۆشیار، بەڕێوەبەر، ئەمڕۆ تەنانەت لە کرێکاری دەستیی شارەزا نامۆترن. وەزیفەی کرێکاری دەستیی پیشەیی و*

*شارەزا، هێشتا پەیوەندیی بە ئامرازی هەندێک لە شارەزاییە کەسییەکانی وەک لێهاتوویی، توانای متمانەوە و هتدەوە هەیە و ناچار نییە "کەسایەتیی" خۆی، پێکەنینی خۆی، بیروبۆچوونەکانی خۆی لە پرۆسەیەکی هەڕاجدا، بفرۆشێت"[28].*

یەکێک لە تیۆرییە سەرەکییە نامارکسیستییەکان دەربارەی چەمکی نامۆبوون بە ژان پۆل سارتر و بوونگەرا فەڕەنسییەکانەوە دەستپێدەکات. لەڕاستیدا، لەدەیەی 1940، کە ترس لە جەنگ و ***قەیرانی ویژدان*** (یان وشیاریی)، خەسڵەتە جیاکەرەوەکەی ئەو دەیە بوو، دیاردەی نامۆبوون – بەڕادەیەک لەژێر هەژموونی کاریگەریی هێگلیزمی نوێی ئەلێکساندەر کۆژێڤ[29]دا – بوو بە سەرچاوەیەکی بنچینەیی هەم لە فەلسەفە و هەم لە ئەدەبیاتی گێڕانەوە و حیکایەتدا. وێڕای ئەمە، جارێکی دیکە، ئەم چەمکە زۆر گشتیتر بوو لەو مانایەی لە بیری مارکسدا هەبوو، و بە هەڵکشانی نیگەرانییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا، درزی نێوان تاکایەتیی ئینسان و جیهانی ئەزموون، و ***هەلومەرجی ئینسانیی*** ناقابیلی لابردن، دەردەکەوێت. فەیلەسوفە بوونگەراکان هیچجۆرە باوەڕیان بە هیچ جۆرە سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتیی بۆ نامۆبوون نەبوو، بەڵکو وەک شتێکی حەتمیی پەیوەست بە هەموو "واقیعییەت" (گومانی تێدا نییە شکستی ئەزموونی سۆڤێت ئەم دیدگایەی بەهێزکرد) و ئەویدیکەبوونی ئینسانیی،

دەیانبینی. لە ساڵی 1955دا، ژان هیپۆلیست لەیەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکان لەم بوارەدا، ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە شیدەکاتەوە:

"پێناچێت نامۆبوون بەو جۆرەی مارکس تێیدەگەیشت تەنها کورت بکرێتەوە بۆ چەمکی نامۆبوونی ئینسان لە ژێر سیستەمی سەرمایەداریدا. [نامۆبوونی ئینسان لەناو سیستەمی سەرمایەداریدا][2] تەنها نموونەیەکی کۆنکریتیی و دیاری کێشەیەکی گشتیتری خودئاگایی ئینسانە کە ناتوانێت خۆی وەک کۆگیتۆی تاکەکەسیی دەرک بکات و تەنها دەتوانێت خۆی لەو دەستەواژانەدا بەسلمێنێت کە دەریاندەبڕێت، لە خودەکانی دیکەدا، کە دەیانناسێت و لەڕێگای ئەوانەوە کە جارناجار لەلایەن ئەوانەوە لەخاوەنداریێتیی دادەماڵرێت. بەڵام میتۆدەی خۆدۆزینەوە لەڕێگای ئەویدیکەوە، ئەم بەئۆبێکتبوون (بەبابەتیبوون)ـە، هەمیشە و کەم تازۆر بریتییە لە نامۆبوون، خۆبزرکردنی خود و خۆدۆزینەوە لە هەمانکاتدا. کەواتە بەئۆبێکتبوون (بابەتیبوون) و نامۆبوون لەویدیکە جیاناکرێنەوە و یەکێتیی ئەوان بەسانایی دەرکەوتەی کێشمەکێشمی دیالەکتیکییە کە لە جوڵەی لەگومانبەدەری مێژووییدا بینراوە"[30].

[2] زیادکراوی وەرگێڕ

مارکس کۆمەکی بەوە کرد کە بەوەستانەوە لەبەرانبەر و لەدژی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی، پەرە بە ڕەخنەی چەوساندنەوەی ئینسانیی بدات. بوونگەراکان ڕێگایەکی پێچەوانە و دژیان گرتەبەر و هەوڵیاندا ئەو بەشانە لە بەرهەمەکانی مارکس دەربهێنن کە لەگەڵ ئاراستەکانیاندا دەگونجا، واتا دەرهێنانی باسێکی تەواو فەلسەفییانە کە هیچ جۆرە ڕەخنەیەکی دیار و کۆنکرێتیی مێژوویی تێدا نییە[31].

## چوار

### مشتومڕ سەبارەت بە نووسراوە
### یەکەمینەکانی مارکس دەربارەی نامۆبوون

مشتومڕی نامۆبوون کە لە فەڕەنسا گەشەیکرد، جارەهای جار بەگوێرەی تیۆرەکانی مارکسەوە هێنراوەتە پێشەوە. وێڕای ئەمە، بەگشتیی و بەتەنها پشتیان بە کتێبی ***دەستنووسە ئابووریی و فەلسەفییەکانی 1844*** بەستووە، تەنانەت ئەو بەشانەی گیۆرگ لۆکاچ بۆ دامەزراندنی تیۆرەکەی خۆی دەربارەی چەمکی بەشتبوون لە ***سەرمایە***دا دەریهێناون، بەهیچ جۆرێک ئاوڕیان لێنەدرایەوە. وێڕای ئەمە، هەندێک لە ڕستەکانی دەستنووسەکانی 1844، لە برانە دەرەوەی سیاقی خۆیان و بوون بە کۆمەڵە ئیقتباسێکی هەستەوەرییانە و بانگەوازی بوونی "مارکسێکی نوێ"یان دەکرد، بە فەلسەفە تێرکران و بەتاڵکرانەوە لەو جەبرگرایی و دیتێرمینیزمە ئابوورییەی ڕەخنەگران دەیاندایە پاڵ ***سەرمایە*** (بەگشتییش بەبێ ئەوەی سەرمایە بخوێننەوە). دووبارە لەسەر بنەمای دەقەکانی 1844، بوونگەرا فەرەنسییەکان بەجۆرێک زۆرترین پێداگرییان لەسەر چەمکی ***لەخۆنامۆبوون*** (Selbstentfremdung) (self-alienation) کرد، واتا نامۆبوونی کرێکار لە بوونی جۆریی خۆی و لە ئینسانەکانی دیکە – ئەو دیاردەیەی مارکس لە نووسینە یەکەمینەکانی خۆیدا باسی کردووە، بەڵام هەمیشە هاوشانی نامۆبوونی بابەتیی و ئۆبێکتیڤ.

هەر ئەم هەڵە ئاشکرا و بەرچاوە لای ڕووخسارێکی دیاری ناو تیۆری سیاسیی دوای جەنگ، واتا هانا ئارێنتیش ڕوودەدات. لە کتێبی ***هەلومەرجی مرۆیی***(1958)دا دەستیکرد بە شەرحکردنی خۆی بۆ چەمکی نامۆبوونی مارکس لە کتێبی ***دەستنووسە ئابووریی و فەلسەفییەکانی 1844***، تەنانەت دواتر بەجیاکردنەوەی یەکێک لەو جۆرانەی مارکس لەوێدا باسی کردبوو: نامۆبوونی خودیی (سوبێکتیڤ یان زەیینیی). ئەم شتەش ڕێگای بە ئارێنت دا بانگەشەی ئەوە بکات، کە:

*"لەخاوەندارێتیی داماڵین و نامۆبوونی جیهانیی هاوزەمان بەیەکەوە ڕوویانداوە و سەردەمی مۆدێرن، بەڕادەیەکی زۆر دژی ئارەزووی سەردەمی یاریکەرانی یارییەکەیە، کە لەڕێگای نامۆکردنی توێژە دیاریکراوەکانی دانیشتووان لە جیهاندا دەستیپێکرد [...] نامۆبوونی جیهانیی نەک لەخۆنامۆبوون، بەوجۆرەی مارکس بیری لێدەکردەوە، نیشانەی دیاری سەردەمی مۆدێرنە"* [32].

بەڵگە ڕوون و ئاشکراکانی زانیاریی سنووردار و بەرتەسکی ئارێنت بە بەرهەمەکانی مارکسی دواترەوە، ئەو ڕاستییەیە کە لە پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی مارکس وێڕای ئاماژەکانی "[کەچی] ئاگای لە نامۆبوونی جیهانیی لە سیستەمی سەرمایەداریدا نەبوو"، لەمەشدا تەنها گەڕایەوە بۆ دێرە ڕۆژنامەوانییە زۆر کۆنەکانی ئەو، واتا "چەند مشتومڕێک دەربارەی یاساکانی دزینی تەختە و دار" (1842) نەک

ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لاپەڕە زۆر گرنگەکانی ناو کتێبی ***سەرمایە*** و ئەو ڕەشنووسانەی دواتر بووە هۆی نووسینی سەرمایە. دەرەنجامگیرییە سەرسوڕهێنەرەکەی ئارێنت بەمجۆرە بوو: "ئەم تێبینییانە جارناجار ڕۆڵێکی زۆر بچووکیان لە بەرهەمەکانی ئەودا هەبووە، کە بەتەواوی ڕیشەی لەنێو سوبێکتیڤیزم (زەینگەرایی) توندی سەردەمی مۆدێرندا هەبوو"[33]. پرسیاری ئەوەی لەکوێ و چۆنچۆنی مارکس لە شیکارییەکانی خۆی بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداریی، ئەولەویەتی بە "لەخۆنامۆبوون" داوە، ئەمە بەناڕوونی و ڕەمزاویی دەمێنێتەوە کە ئارێنت هیچ کاتێک لە نووسینەکانی خۆیدا ڕوونی نەکردۆتەوە.

لە دەیەی 1960ا، تیۆری نامۆبوون لە کتێبی ***دەستنووسە ئابووریی و فەلسەفییەکانی 1844***، بوو بە ناوەرۆکی سەرەکیی مشتومڕەکان بۆ تەفسیرە فراوانترەکانی بەرهەمەکانی مارکس. لێرەدا باسی ئەوە کرا کە دەبێت جیاکارییەکی توند لەنێوان "مارکسی لاو" و "مارکسی پیر" دابنێین – دژایەتییەکی دەستکرد و هەڕەمەکیی هەم لەلایەن ئەو کەسانەی بەرهەمە فەلسەفییەکانی یەکەمی مارکسیان زەق دەکردەوە و هەم لەلایەن ئەو کەسانەی پێیانوابوو مارکسی ڕاستەقینە، مارکسی ***سەرمایە***یە (کە لەنێوان ئەواندا دەتوانین ناوی ئاڵتووسێر و بیرمەندانی ڕووسی ببەین). لەکاتێکدا لایەنگرانی مارکسی لاو، تیۆری نامۆبوونیان لە کتێبی دەستنووسەکانی 1844دا، بە گرنگترین بەشی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی مارکس دەبینی، کەچی لایەنگرانی مارکسی پیر

بەگشتیی "ترس لە نامۆبوون"ێکی ڕاستەقینەیان دەرخست و هەوڵیاندا سەرەتا پەیوەندییەکەی بەبێ کەڵک پیشان بدەن[34] یان ئەو کاتەی ئیتر ئەم ستراتیژییە مەحاڵ ببوو، کۆی تێم و ناوەرۆکی نامۆبوونیان وەک "ناوریایی لاوی و پاشماوەی هیگڵیانیزم"[35] لەقەڵەم دا کە دەڵێن پاشان مارکس وازی لەوانە هێنا. بیرمەندان و زانایانی کەمپی یەکەم وەڵامێکی پێچەوانەیان دایەوە و گووتیان دەستنووسەکانی 1844 کەسێک نووسیویەتی تەنها تەمەنی 26 ساڵ بووە و لە سەرەتای لێکۆڵینەوە سەرەکییەکانی خۆیدا بووە، بەڵام ئەو کەسانەی لە کەمپی دووەمدا بوون هێشتا خۆیان بەدووردەگرت لە قبوڵکردنی گرنگیی چەمکی نامۆبوونی مارکس، تەنانەت ئەو کاتەی بڵاوکردنەوەی دەقە تازەکان، دەریخست کە هیچ کاتێک وازی لە چەمکی نامۆبوون نەهێناوە بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم چەمکە پێگە و شوێنێکی سەرەکیی لە قۆناغە دیارەکانی ژیانی کار و لێکۆڵینەوەی ئەودا داگیرکردووە.

گوتنی ئەوەی تیۆری نامۆبوون، هەروەک ئەوەی زۆر کەس ئەم کارەیان ئەنجام داوە، کە لە دەستنووسەکانی 1844دا، بابەتی سەرەکیی بیرکردنەوەی مارکس بوو‌بێت، بەئاشکرا ناڕاست بوو، چونکە ئەم شتە جگە لە چاوپۆشیکردن لەم بەرهەمەی ئەو، شتێکی دیکە نەبوو[36]. لەلایەکی دیکەوە، ئەو کاتەی مارکس دووبارە بەبەردەوامی بوو بە نووسەرێکی مشتومڕلەسەر لەسەرووی ئەدەبیاتی فەلسەفیی لە جیهاندا، ئەویش بەهۆی نووسراوە تازەکانییەوە بوو دەربارەی نامۆبوون، ئەو بێدەنگییەی لە ڕۆژگاری

یەکێتیی سۆڤێتەوە دەربارەی کۆی بابەتەکان و مشتومڕەکان لەگەڵیدا باڵادەست ببوو، نموونەیەکی دیاری بەکارهێنانی ئامرازیی لەنووسینەکانی ئەو لەو وڵاتەدا فەراهەم کرد. لەبەر ئەوەی بوونی نامۆبوون لە یەکێتیی سۆڤێت و وڵاتە مانگییەدەستکردەکانی، چووە دەرەوە دەستپێڕاگەیشتنەوە و ژمارەی دەقە دەگمەنەکانی پەیوەست بەم بابەتەوە، مامەڵەیەکی بەدگومانانەی لەگەڵدا کرا. هەروەک هێنری لۆڤیفرە باسی دەکات "***لەیەکێتیی سۆڤێتدا، نامۆبوون چیتر نەیدەتوانی و نەدەبوو ببێتە بابەتێکی سەرەکیی***". "لەڕێگای فەرمانکردن لەسەرەوە و بەهۆکارە دەوڵەتییەکانەوە، دەبوو چەمکی نامۆبوون بزر ببایە و لەبەرچاوان نەمابایە"[37]. بۆیە، تا دەیەی 1970، نووسەرانێکی کەمی "کەمپی سۆسیالیستیی" ئاوڕیان لەم بەرهەمانە دایەوە.

ژمارەیەک نووسەری بەناوبانگی خۆرئاوا، چاوپۆشیان لە ئاڵۆزیی ئەم دیاردەیە کرد و نادیدەیان گرت. بۆ نموونە، لوسیەن گوڵدمەن پێیوابوو لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی-ئابووریی ئەو کاتەدا، ئەگەری ئەوە هەیە بەسەر نامۆبووندا زاڵ بین و لە ***لێکۆڵینەوە دیالەکتیکییەکان***(1959)دا دەنووسێت: لەژێر کاریگەریی پلاندانانەدا، نامۆبوون لەناو دەچێت و ئیتر بوونی نامێنێت. هەروەها دەنووسێت: "بەشتبوون لەڕاستیدا دیاردەیەکە تەواو پەیوەندیی بە نەبوونی پلان و بەرهەمهێنان بۆ بازاڕەوە هەیە؛ سۆسیالیزمی سۆڤێت لە خۆرهەڵات و سیاسەتە کینزییەکان لە خۆرئاوا، دەرەنجامی نەهێشتنی

بەشتبوونە لەهەنگاوی یەکەمدا و لاوازبوونی پێشکەوتنەکەی بوو لە هەنگاوی دووەمدا"[38]. مێژوو نارأستیی ئەم پێشبینییانەی سەلماندووە.

## پێنج

### سیحری لەشکست بەدەری تیۆری نامۆبوون

لە دەیەی 1960دا، چەند تیۆرەیەک دەربارەی نامۆبوون بوونە باو و سەدان کتێب و وتاریان دەربارەی ئەو تیۆرە لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوکردەوە. ئەم دەیەیە بەسانایی سەردەمی نامۆبوون بوو. نووسەرانێک بە ئاراستە سیاسییە جۆراوجۆرەکان و بوارە جیاوازییە ئەکادیمییەکانەوە لێکدانەوەیان بۆ هۆکارەکانی نامۆبوون دەکرد وەک بەکاڵابوون، بەپسپۆڕیبوونی لەڕادەبەدەر، ئانۆمی، بەبیرۆکراتیبوون، وەفاداریی، مەسرەفگەرایی (بەکاربردن)، لەنێوچوونی مانای خود لە سەردەمی تەکنەلۆژیدا، تەنانەت گۆشەگیریی تاک، بێ هەستیی، بەپەراوێزیبوونی کۆمەڵایەتیی یان ئەتنیکی و پیسبوونی ژینگە.

پێدەچێت چەمکی نامۆبوون نیشاندەری ئاراستەی ڕۆحی ڕۆژگار بووبێت بەرەو کامڵ بوون و لەڕاستیدا، ڕەخنەکردنی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، بووە بوارێکی هاوبەشی مەعریفە و زانست بۆ مارکسیزمی فەلسەفیی دژەسۆڤێت و دیموکراتیترین و پێشکەوتووترین تەیارەکانی ناو جیهانی کاتۆلیک. وێڕای ئەمە، ناوبانگی ئەم چەمکە، و بەکارهێنانە گشتییەکەی، ناڕوونی و لێڵییەکی تێرمینۆلۆژیی قوڵی دروستکرد[39]. لەنێو ئەم فەزا چەند ساڵییەدا، نامۆبوون بووە فۆرمول و دارشتەیەکی بەتاڵ کە بوارەکەی خرایە نێو ڕیزبەندیی بەدبەختیی ئینسانییەوە – هەموو ئەوانە هاوشانی ئەو

شته بوون که نامۆبوون باوەڕێکی هێنایه ئاراوه که مەحاڵه دەستکاری بکرێت[40].

لەگەڵ کتێبی ***کۆمەڵگای نمایش***ی گی دیبۆر، که دوای یەکەم بڵاوبوونەوەی لەساڵی 1967دا، خێرا بووه مانیفێستێکی ڕاستەقینه بۆ نەوەیەکی خوێندکاران له یاخیبوونیاندا دژی سیستەم، تیۆری نامۆبوون، پەیوەندیی بەرەخنەی بەرهەمهێنانی ناماتریالییەوه کرد. لەسەر بنەمای تێزەکانی هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ، بەگوێرەی ئەو شتەی دامەزراندنی ڕەزامەندیی گشتیی بەرانبەر نەزمی کۆمەڵایەتیی بەرەو پیشەسازیی کاتی بەتاڵ فراوان ببووەوه، دیبۆر پێیوابوو پانتایی ناکار(non–labour) چیتر ناکرێت بەجیا له چالاکیی بەرهەمهێنەرانه بیری لێبکرێتەوه:

*"لەکاتێکدا که له قۆناغی یەکەمی کەڵەکەکردنی سەرمایەدا "ئابووریی سیاسیی له پرۆلیتاریادا تەنها وەک کرێکارێک" دەبینێت که دەبێت لانیکەمی پێداویستیی بۆ پاراستنی هێزی کاری خۆی بەدەست بهێنێت، بێ ئەوەی هەرگیز وەک "کاته بەتاڵ و خۆشییەکان، ئینسانیبوونی" ببینێت، هەرکه ئاستی پڕی و زۆریی بەرهەم له بەرهەمهێنانی کاڵاکاندا ئیزافه و زیادەی هاوکاریی کرێکار دابین دەکات، ئەم شێوازەی بیرکردنەوەی چینی باڵادەستیش ئاوەژوو دەبێتەوه. لەگەڵ ئەوەی ڕۆژی کاری ئەو کۆتایی دێت، کرێکار لەناکاو لەو سوکایەتییه تەواوەی پێیدەکرا، ڕزگار دەبوو، که بەئاشکرا*

*بەهۆی هەر ڕەهەندێکی ڕێکخراو و چاودێریی بەسەر بەرهەمهێناندا بەکاردەبرا و لە ڕۆڵ و نەخشێکی نوێدا وەک بەکاربەر، وەک فەردێکی گەشەکردوو و باڵغ، بە ڕێز و نمایشی ئەدەبەوە، مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. لەم خاڵەدا، هیومانیزم و ئینساندۆستیی کاڵا "ئینسانییەت و کاتی بەتاڵ"ی کرێکاریش کۆنترۆڵ دەکات بەسانایی بەو هۆیەوە کە ئابووریی سیاسیی ئێستا دەتوانێت و دەبێت هەیمەنە بەسەر ئەم بوارانەدا بکات"[41].*

بۆیە، لەڕوانگەی دیبۆرەوە، مادام هەیمەنەی ئابووریی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا سەرەت فۆرمی "داڕمانی **بوون** بەرەو ***هەبوون***" (degradation of being into having)ی بەخۆوە گرت، لە "سەردەمی ئێستادا"، "گواستنەوە و تێپەڕینی گشتیی لە ***هەبوون***ـەوە بەرەو ***نمایش***"، لەئارادا دەبێت[42]. ئەم بیروبۆچوونە دیبۆری بە ئاراستەیەکدا برد کە جیهانی نمایش بکاتە ناوەندی شیکارییەکەی خۆی: "وەزیفەی کۆمەڵایەتیی نمایش، بەرهەمهێنانی کۆنکرێتیی نامۆبوونە"[43]. ئەو دیاردەیەی تیایدا "فیتیشیزمی کاڵا... وەزیفەی کۆتایی خۆی بەدەستدەهێنێت"[44]. لەم هەلومەرجەدا، نامۆبوون، خۆی بە ئاستێکی بەرز دەگەیەنێت کە لەڕاستیدا دەبێتە ئەزموونێکی باڵادەست بۆ تاکەکان، تلیاکێکی نوێ بۆ خەڵک کە ناچاریان دەکات ببنە بەکاربەر و خۆیان لەگەڵ وێنە زاڵەکاندا، دەگونجێنن"[45] و ئەوان بۆ هەمیشە لە ئارەزووەکان و لێرەبوونی واقیعییان جیادەکاتەوە:

*"نمایش قۆناغێکە کاڵا سەرکەوتووبووە لەوەدا بەشێوەی **تەواوێتیی**، ژیانی کۆمەڵایەتیی داگیر بکات.... بەرهەمهێنانی ئابووریی مۆدێرن، دیکتاتۆرییەتی خۆی هەم لەڕوانگەی پانتایی و هەم لەڕوانگەی توندییەوە، فراوان دەکات [...] بە "شۆڕشی پیشەسازیی دووەم"، بەکاربردنی نامۆبوو، هاوشێوەی بەرهەمهێنانی نامۆبوو، بووەتە وەزیفەیەک بۆ جەماوەر"* [46].

دوای دیبۆر، ژان بۆدریاریش چەمکی نامۆبوونی بۆ تەفسیری ڕەخنەیی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێناوە کە لە سەرمایەداریی گەشەکردوودا دەرکەوتووە. بۆدریار لە کتێبی ***کۆمەڵگای بەکاربەر***(1970)دا، دووردەکەوێتەوە لە لێکدانەوەی مارکسیستیی لەسەر سەنتەرێتیی بەرهەمهێنان و لەبەرانبەردا بەکاربردن وەک فاکتەری یەکەم لە کۆمەڵگای مۆدێرندا دەبینێت. "سەردەمی بەکاربردن"، کە پروپاگەندە و ڕاپرسیی گشتیی، پێداویستییە ساختەکان و ڕەزامەندیی گشتیی دروست دەکەن، هاوکات "سەردەمی نامۆبوونی ڕادیکاڵ"یش بوو.

*"لۆژیکی کاڵایی، گشتێتیی وەرگرتووە و ئەمڕۆ نەک تەنها حوکمڕانیی بەسەر پرۆسەکانی کار و بەرهەمە ماددییەکاندا دەکات، بەڵکو بەسەر کۆی کولتوور، سێکسوالیتە و پەیوەندییە ئینسانییەکاندا باڵادەست بووە کە تەنانەت فەنتازیا و ئارەزووەکانی تاکیش دەگرێتەخۆی... هەموو شتێک بووەتە*

*نمایش یان بەدەربڕینێکی دیکە، هەموو شتێک لە وێنەکان، نیشانە و مۆدێلەکانی شیاوی بەکاربردن، داگیرکردن، جوڵاندن و هەماهەنگکردن دایە" [47].*

سەرەڕای ئەمە، دەرەنجامە سیاسییەکانی بۆدریار، تەواو سەرلێتێکدەر و ڕەشبینانەن. ئەو لەڕووبەڕووبوونەوەی هەڵچوونی کۆمەڵایەتیی لە ئاستێکی فراواندا، پێیوابوو "یاخیبوون و ڕاپەڕینەکانی 1968" کەوتوونەتە داوی "بەشتبوونی لەڕادەبەدەری ئوبێکتەکان (بابەتەکان) و بەکاربردن لەڕێگای پێدانی بەهایەکی شەیتانیی پێیان"ەوە؛ و دەستدەکات بە ڕەخنەگرتن "هەموو لێکۆڵینەوەکاندا دەربارەی نامۆبوون و سەرجەمی هێزی قێزەونی هونەری پۆپ و ئەنتی ئارت(دژەهونەر)" "وەک بانگەشەنامەیەکی ڕووت، کە بەشێکی گەمەیە: ئەمە وەهمی ڕەخنەییە، دژەحیکایەتە کە بەشێکە لە حیکایەت"[48]. ئێستا بەدوورکەوتنەوەیەکی زۆر لە مارکسیزم، کە چینی کرێکار خاڵی سەرەکییە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتیی لە جیهاندا، بۆدریار کتێبەکەی خۆی بە ئارەزوویەکی مەسیحییانە تەواو دەکات... : "ئێمە دەبێت، بۆ وێرانکردنی ئەم جەماوەرە سپییە، وەک پێشبینیی نەکردن و یەقینی ئایاری 1968، چاوەڕوانیی هەڵچوونە توندەکان و دارمانە لەناکاوەکانی داهاتوو بین"[49].

## شەش

## تیۆری نامۆبوون لە سۆسیۆلۆژیای ئەمریکای باکووریدا

لە دەیەی 1950دا، چەمکی نامۆبوون چووە نێو زاراوەکانی سۆسیۆلۆژیای سیاسیی ئەمریکای باکووریی، بەڵام ئاراستە و ئینتیماکان بەرانبەر بەم بابەتە تەواو جیاوازە لەو شتەی هەر لەو کاتەدا لە ئەوروپا باڵادەست بوو. کۆمەڵناسیی باو، وەک مەسەلەیەکی ئینسانی تاکەکەسی لە چەمکی نامۆبوونی دەڕوانی نەک وەک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان[50]، و هەوڵ بۆ پەیداکردنی ڕێگاچارەکان، لەسەر توانای تاکەکان بۆ خۆگونجاندنیان لەگەڵ نەزمی باڵادەست وەستابوو نەک وەک ئاراستە دەستەجەمعییەکان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا[51]. هەروەها، لێرەدا، پێش ئەوەی پێناسەیەکی ڕوون و هاوبەش بکرێت، کەچی قۆناغێکی باڵای نایەقینیی و نادڵنیابوون لەو بارەیەوە لەئارادا بوو. هەندێک لە نووسەران نامۆبوونیان وەک دیاردەیەکی ئەرێنیی و پۆزەتیڤ دەبینی، وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی داهێنان کە زاتی هەلومەرجی ئینسانیی بوو لەحاڵەتە گشتییەکەیدا[52]. دیدگایەکی دیکەی باو ئەوە بوو کە دەیگوت نامۆبوون لە درزی نێوان تاک و کۆمەڵگاوە سەرچاوەی دەگرێت[53]؛ بۆ نموونە سیمۆر میلمان، لە درزی نێوان فۆرمولەبەندیی و جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا بەدوای چەمکی نامۆبوونەوە بوو و گوتی ئەم شتە بەیەک ڕادە کاریگەریی لەسەر کرێکاران و بەڕێوەبەران دادەنێت[54]. لە کتێبی "پێوەر و هەڵسەنگاندنی نامۆبوون"(1957)دا، کە بووە هۆی

هاتنەئارای چەند مشتومڕێک دەربارەی ئەم چەمکە لە گۆڤاری ***ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیی ئەمریکیی***، جوین نیتلەر، لەڕێگای هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕی گشتییەوە، هەوڵیدا پێناسەی ئەم چەمکە بکات. بەڵام ئەو پرسیارەی ئەو کە دژایەتییەکی توندی لەگەڵ نەریتی لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە بزووتنەوەی کار و هەلومەرجی کرێکارانەوە هەبوو، پێدەچوو زیاتر بەدوای یاسا مەککارتییەکانەوە بێت نەک ئاراستەیەکی زانستیی[55]. لەبەرئەوەی ئەو نامۆبوونی لەڕێگای ئینکارکردنی پرەنسیپە کۆنزەرڤاتیڤەکانی کۆمەڵگای ئەمریکییەوە لێکدەدایەوە: "پاراستنی پایەی ڕوانگە بەدناوەکان و نەیارێتیی دژی خێزان، میدیا گروپییەکان و سەلیقە جەماوەرییەکان، ڕووداوە بەردەوامەکان، فێرکاری و پەروەردەی گشتیی، ئاینیی ڕەسمیی و دیدگای سەرەنجامناسانە بەرانبەر بەژیان، ناسیۆنالیزم و پرۆسەی دەنگدان"[56].

سنووردارێتیی مەفهومیی دیدگای سۆسیۆلۆژیانەی ئەمریکا دوای بڵاوکردنەوەی وتارێکی کورتی مێلڤین سیمان بەناوی "دەربارەی مانای نامۆبوون"(1959)، گۆڕانکاریی بەسەردا هات، کە بەماوەیەکی کەم بوو بە سەرچاوەیەکی زەروورریی بۆ هەموو نووسەرانی ئەم بوارە. لیستەکەی ئەو پێنج جۆری نامۆبوونی لەخۆ گرتبوو – بێتوانایی، بێمانایی (واتا بێتوانایی بۆ تێگەیشتن لەو ڕووداوانەی کەسێک دەیخاتەڕوو)، بێبەهایی، گۆشەگیریی و لەخۆنامۆبوون[57] – کە ئەو ئاراستەیەکی گرتووەتە بەر، لەڕوانگەیەکی سوبێکتیڤیی

(زەینیی) تەواو سەرەتاییەوە لەم دیاردەیە دەڕوانێت. ڕۆبەرت بلاونەر، لە کتێبەکەیدا بەناوی ***نامۆبوون و ئازادیی*** (1964)، بەچەشنێکی هاوشێوە، نامۆبوون وەک "چۆنایەتیی بوونی کەسێک کە لەجۆرەدیاریکراوەکانی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت" پێناسە دەکات[58]. ئەگەرچی لێکۆڵینەوە دوور و درێژەکەی، بووە هۆی ئەوەی، ئەو لەنێو "خزمەتکردن لە ڕێکخراوە گەورە و بیرۆکراسییە ناشەخسییەکاندا، کە چوونەتە نێو هەموو کۆمەڵگا پیشەسازییەکانەوە" بەدوای هۆکارەکانی ئەم بابەتەدا بگەڕێت[59].

کۆمەڵناسیی ئەمریکیی، پاشان، لەحاڵەتی گشتیدا، نامۆبوونی وەک مەسەلەیەک دەبینی کە پەیوەندیی بە سیستەمی بەرهەمهێنانیی پیشەسازیی، چ سەرمایەداریی یان سۆسیالیستییەوە هەبوو، کە بەشێوەیەکی گشتیی کاریگەریی لەسەر وشیاریی مرۆیی دادەنێت[60]. ئەم گۆڕانە سەرەکییەی ئاراستەکە، دواجار فاکتەرە مێژوویی-کۆمەڵایەتییەکان کە دەبنە هۆی نامۆبوون، لە شیکارییەکەی دەکاتە دەرەوە و جۆرێک سەروسایکۆلۆژیزمی هێنایە ئاراوە کە ڕووبەڕووی نامۆبوون وەک نیشانەیەکی زیانی تاکەکان لەئاستی فەردیی قابیلی چارەسەرکردندا بووەوە نەک وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی[61]. تا ئەو شوێنەی لە نەریتی مارکسیستیدا، چەمکی نامۆبوون بەشدارییەکی گرنگی لەزۆرێک لەڕەخنە توندەکان دژی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی هەبوو، بەدامەزراوەییبوون و قەتیسبوونی لەنێو بواری کۆمەڵناسیدا، ئەم چەمکەی کورتکردەوە

بۆدیاردەی نەگونجانی تاکەکان لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتییەکاندا. بەهەمان شێوە، دوای ئەو ڕەخنەیەی ئەم چەمکە لە فەلسەفەدا هەیبوو (تەنانەت بۆ ئەو نووسەرانەی وەک ئاسۆیەک لێیان دەڕوانی کە هەرگیز ناکرێت لێی ڕابکەیت) ئێستا بەئاراستەی بێلایەنییەکی وەهمیدا پاشەکشەی کردووە[62].

کاریگەرییەکی دیکەی ئەم بەدگۆڕانە، خاڵیبوونەوەی تیۆرییانەی ئەم چەمکە بوو. نامۆبوون لە دیاردەیەکی ئاڵۆزی پەیوەست بە چالاکیی کاری ئینسان و بوونی زەینی و کۆمەڵایەتیی، بووە کاتیگۆرییەکی جوزئی و ناکامڵ کە کەوتە خزمەتی لێکۆڵینەوە پسپۆڕییە ئەکادیمییەکانەوە[63]. کۆمەڵناسانی ئەمریکیی گوتیان ئەم هەڵبژاردنە میتۆدۆلۆژییە ئەو توانایەی پێبەخشیون لێکۆڵینەوەی نامۆبوون لە دەلالەتە سیاسییەکانی پاک بکەنەوە و بابەتێتییەکی زانستیی بەم تیۆرە ببەخشن. بەڵام لەڕاستیدا ئەم "وەرچەرخانە" بەرەو ناسیاسییبوون، گەلێک دەلالەتی ئایدیۆلۆژییانەی ئاشکرای هەبوو، چونکە پشتیوانیکردن و پاراستنی نەزمی کۆمەڵایەتیی و بەها باڵادەستەکان بەشێوەیەکی شاراوە لەپشتی ئاڵای لەئایدیۆلۆژیخستن و بێلایەنییەوە وەستاوە.

بۆیە، جیاوازیی نێوان تێگەیشتنی مارکسیستیی و تێگەیشتنی کۆمەڵناسانەی ئەمریکی بۆ نامۆبوون ئەوە نەبوو کە ئاراستەی مارکسیستیی سیاسیی بووە و ئاراستەی کۆمەڵناسیی ئەمریکاریی زانستیی بووە. بەپێچەوانەوە تیۆریزەکەرانی مارکسیست هەڵگرانی

ئەو بەهایانە بوون کە دژی هەموو جۆرەکانی هەژموون بوو لە کۆمەڵگای ئەمریکادا، ئەویش تا ئەو شوێنەی کۆمەڵناسانی ئەمریکی بەشێوەیەکی زانایانە ئەم بەهایانەیان وەک بەهاگەلی ئەبەدیی مرۆڤایەتیی لەقەڵەم دەدا[64]. لەسیاقی ئەکادیمیی ئەمریکیدا، چەمکی نامۆبوون ڕووبەڕووی بەلاڕێدابردنێکی ڕاستەقینە بووەوە و بووە هۆی ئەوەی لایەنگرانی چینە کۆمەڵایەتییەکان سوود لەو چەمکە دژی ئەو کەسانە وەربگرن کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر هەیمەنە و دەسەڵاتدا چەوساونەتەوە[65].

## حەوت

